# نەخۆشی سایکۆپەتیک

ئامادەکردنی/م.ی.چۆمان صباح سعید



# نەخۆشی سایکۆپەتیک

ئەم نەخۆشیە بۆ یەکەم جار لە لایەن (هرڤری کلکی) یەوە دۆزرایەوە لە سالی ١٩٤١ لە کتێبی ( The mask of sanity) .

٣٪ لە پیاوان و ١٪ لە ئافرەتان دا هەیە ، ئەم نەخۆشیە زیاتر لە تەبەقەی هەژاردا هەیە یان ئەوانەی کە ژمارەی ئەندامانی خێزانیان زۆرە ، وە پێش ١٥ سالیەوە دەست پێدەکات .

کچان پێش ئەوەی بگەنە بالغبوون وە لای کۆران زوتریش دەردەکەوێت.

ئەم نەخۆشیە لە لایەن زیندانیەکان زۆر بەربلاوە نزیکەی ٧٥٪ .

# پێناسەی سایکۆپەتیک

**دەیڤید کلارک** لە وەسفکردنی سایکۆپەتیک دا دەڵێت( ئەوانەی دوچاری ئەم نەخۆشیە بونەتەوە کەسانێکن کە کەموکۆرتی و تێکچوونی رەفتارو هەست و سۆز لە رەفتارەکانیدا بە جوانی بە دەردەکەوێت لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا).

هەروەها ئەو جۆرە کەسانە برێتین لە تاوانبارەکانی کۆمەڵگە و بەردەوام هەڵەکانیان دوبارە دەکەنەوە و چەندین جار سزا دەدرێن بەبێ ئەوەی پەند و وانەیەک لەو سزایە وەربگرێت.

# جۆرەکانی سایکۆپەتیک

١.جۆری دوژمنکاری: برێتیە لەو کۆمەلەیەی کە لە توندوتیژی و شەروکێشە دروستکردندا زێدەرۆیەکی بێ ئەندازە دەکەن هەروەها کەسانی بەد مەست و چەقۆکێش واتە زۆربەی ئەو کەسانەی کە خۆیان بە تاوانکاریەوە گرتووە و دۆسیەکانیان پرە لە تاوان و دەستێکی باڵایان هەیە وەک ئەو کەسانەی کە بە پارە خەلک دەکوژن.



# جۆرەکانی سایکۆپەتیک

٢.جۆری نەگۆنجاو یاخی: برێتیە لەو کەسانەی کە چەندها تاوانی بچووک ئەنجام دەدەن ، کەموکۆرتیەکانیان دەبێتە گرفتێکی گەورە بۆ کۆمەلگا و خانوادەکەیان وەک ئەو کەسە دەست و پێ سپیانەی کە بە زۆر پارە لە دایک و باوک و خانوادەکەیان وەردەگرن.



# جۆرەكانی سایكۆپەتیک

٣. جۆری دەمارگیرەكان: ئەو كەسانە دەگرێتەوە كە چەكداری توندو تیژن هەروەها كەسانی دەمارگیری ئایینی زۆر توندوتیژ و توندرەو و تیرۆریست و كەسانی گۆماناوی دەگرێتەوە.

ئەو كەسانە بەوە دەناسرێتەوە كە زۆر باوەریان بە خۆیان هەیە لە هەموو شتێكدا پشت بە خۆیان دەبەستن وە لە هەمان كاتیشدا زوو تورە دەبن و زۆر رووگرژن و گاڵتە و گەپ نازانن.

# جۆرەکانی سایکۆپەتیک

٤.جۆری بێ هەست و سۆزەکان : ئەم جۆرە کاری دوژمنکارانە و توندو تیژیەکی زیاد لە ئەندازە دژ بە خەلک و گروپی دیاریکراو ئەنجام دەدەن بە بێ ئەوەی بتوانن بەسەر هەلەشەیی و خولیای خۆیاندا زاڵ بن. درک بە رەفتارە خراپەکانیان دەکەن و بەبێ ئەوەی ئەمە وایان لێ بکات کە واز لە رەفتارە خراپەکانیان بهێنن.



# جۆرەکانی سایکۆپەتیک

٥.سایکۆپەتیکە خۆ تەقینەرەکان: تەقینەوەکەی پەیوەندی بە دۆخەکانی تورەییەکی تەقاوەوە هەیە رەنگە رەفتارە دوژمنکاریەکانی بەرەو خۆی ئاراستە بکات و خۆی بکۆژیت.



# جۆرەکانی سایکۆپەتیک

٦.سایکۆپەتیکە خەمۆکەکان: ئەم جۆرە نازانن بەها و نرخیان چندە و ناتوانن خۆیان هەڵسەنگێنن و بە رەشبینیەوە لە ئایندەدا دەروانن گشت شتێکی ژیانی رۆژانەیان مەترسی و هەرەشەیان بۆ دروست دەکات بەهۆی خەم و خەفەتی زۆرەوە بەردەوام بیر لە خۆکۆشتن دەکەنەوە.



# جۆرەکانی سایکۆپەتیک

٧.جۆری درۆزن: ئەو کەسانەن کە درۆی شاخدار دەکەن کە لە سنوری واقیعدا دەردەچێت خۆدی خۆشیان هیچ سودێک لەو درۆیانە وەرناگرن تەنها بەتاڵکردنەوەی گرژیەکی ناوەکییە لە نێو چیرۆکی درۆکانیدا دەبنە کەسێکی زۆر گرنگ و خۆشەویست گەێی نادەنە ئەوەی کە درۆکانیان ئاشکرا بێت یان نا.



# تایبەتمەندی دەروونیان

1. حەزو ئارەزوو مەیلی دزیکردنیان هەیە ئەو دزیکردنەس سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تورەبونی بێ ئەندازە و کەلەرەقی.
2. حەز بە سوتانی مال و مۆلکی خەلک دەکەن وە چێژ وەردەگرن.
3. دژایەتی یاسا دەکەن و بە توندی هەلدەستن بە تێکشکانی کەل و پەلی گشتی.
4. رق و کینەی زۆری هەیە بەرامبەر بە ئاژەلەکان واتە ئازاردانیان.
5. ئازاردانی کەسانی پیر و لێدانیان .
6. بەجێهێشتنی ماڵ و قوتابخانە یان شوێنی کار.
7. بەکارهێنانی ووشەی ناشرین.



# تایبەتمەندی دەروونیان

8.کە سانی درۆزنن و فێل لە خولک دەکەن .

9.هیچ بەرپرسیارەتیەک هەلناگرن .

10.بە هیچ شێوەیەک هەست بە گوناە و بەشیمانی ناکەن و داوای لێبوردن ناکەن.

11.کۆتایی ژیانیان وەکو کەسانی سادە نیە و بەلکو ژیانیان کۆتایی دێت بە خۆکۆشتن یان رووداو یان دەکۆژرین لە لایەن کەسانی ترەوە.

# هۆکارەکانی نەخۆشی سایکۆپەتیک

1. بۆماوە .
2. نەبوونی دایک و باوک یان ئیهمال کردنی منداڵ.
3. هەژاری بێ ئەندازەی دایک و باوک کە بگاتە حالەتی برسیەتی.
4. دایک و باوکێک کە نەخۆشی دەروونیان هەیە.
5. کێشەی کرۆمۆسۆمەکان هەبوونی (X) زیادە یان (Y).
6. دەردانی هۆرمۆنی پیاوان تیستیرۆنی بێ ئەندازە.
7. پێکهاتەی مێشکی ئەمانە جیاوازە لە خەلکی ئاسایی.
8. بە هیچ شێوەیەک چارەسەر وەرناگرن نە بە دەرمان نە دەروونی.